سمکۆ عەلی

11/02/12 ئۆسلۆ

# ئازادی خەڵکی میسر لەچەوسانەوەی رژێمی دیکتاتۆر پیرۆزبێ

ئەمڕۆ هێزی خۆڕاگریی چەوساوەی میسر، پاش 18 رۆژ مانگرتن بەو پەڕی ئاشتییانە، توانی لاپەڕەیەکی پڕشنگدار لەمێژوی مرۆڤایەتی تۆمار بکات. توانی وانەیەکی گرنگمان فێربکات و، بیسەلمێنێ کەهیچ هێزێکی دیکتاتۆر و، تۆقێنەری خاوەن ئاگر و ئاسن، ناتوانێ بۆ درێژ ماوە بەرامبەر هێزی لەکۆتایی نەهاتوی دەنگی ئازادی و سەربەستیی راستەقینەی میلەت خۆڕاگرێ. دەستتانخۆش خۆپێشاندەرانی خۆڕاگری میسر، ئەمڕۆ توانیتان قۆناغی یەکەم جێبەجێ بکەن. بەڵام، لێرەوە قۆناغە گرنگەکان دەستپێدەکات. دەبێت زیاتر نەفەس درێژ و وردبینانە هەنگاوەکانتان بنێن بۆ چەسپاندن و خستنەگەڕی یەک بەیەک بەها بەرز و گرنگەکانی مرۆڤایەتی. پێویستە و گرنگە، بەرنامە و پلانی ئێستە و پاشەڕۆژ بەشێوەیەک دارژن، کە جارێکیتر حوسنی موبارەکەکان نەجێیان بێتەوە نە دروست ببن... ئەو داوا و مافانەی تا ئێستا لێتان زەوتکراوە، خۆتان و پاشەڕۆژی خۆتانی لێ دڵنیا بکەن.

ئەمڕۆ تەنها خەڵکی میسر نییە لەجیهاندا کەدەچەوسێتەوە، ئەزمونی ئێوە دەبێتە جوڵانی هەست و ویستەکانی بەندکراوی بەشێکی زۆر لە مرۆڤ لەجیهاندا. ئەو خەباتە شۆڕشگێڕانە رەوایەی ئێوە، دەتوانێت ببێتە ئەو روناکییە گرنگەی کە پێویستە بۆ گەشتن بە ئازادی و بەهاکانی مرۆڤاییەتی.